
شانۆنامە

# "حاشا"

نووسەر:

## ئیبراهیم مەکی



ئامادەکەردنی بۆ زمانی کوردی

## ڕەحمان عەزیزی

**ڕۆڵەکان:**

**١- باوک**

**٢- دایك**

**٣- کاوە**

**٤- مریەم**

**٥- غریب**

**شوێنی دیمەنەکە:**

**لەناو کۆشکێکدا کە سەر بە بنەماڵەیەکی چینی ناوەندە.**

**بەشی سەرەکی دیمەنەکە ژوورێکی میوانە کە دەچێتە ژووری نانخواردن لە پشتەوە.**

**لە کۆتایی ژووری کۆتایی لای ڕاستەوە، ڕیزێک پلیکانەکان نهۆمی یەکەم بە نهۆمی دووەمەوە دەبەستنەوە.**

**لەسەر دیواری بەردەم شانۆکە دەرگایەک هەیە کە دەچێتە ژوورەکانی تری بیناکە.**

**لە لای چەپی پێشەوە، دەرگایەکی تر هەیە کە دەکرێتەوە بۆ کۆلێژەکە.**

**دەکەوێتە دەرگای چوونە ژوورەوەی بیناکە لەم کۆریدۆرەدا.**

**باوک لە پێشەوە ودایک لە پشت سەریەوە دێنە ژوورەوە.**

**بە هێواشی دێن.**

**دیارە ئەوان دەترسن.**

**باوکەکە دەوەستێت.**

**باوک: تۆ دڵنیای کە بەڕاستی لە دەرگا درا؟**

**دایک: بەڵێ بە گوێی خۆم بیستم کە لە دەرگا درا. سەرەتا یەک لێدان، پاشان چوار لێدان لەسەر یەک. وەکو ئەوە وایە ....**

**باوک: کەواتە دەڵێی لە دەرگایان دا، وایە؟**

**دایک: بەڵێ کابرا لە دەرگایان دا. بەم شێوەیە "تەق،تەق،تەق،تەق،" جۆرێک وەک ئەوەی هوشداری دەدات.**

**دایک: ئێستا دەردەکەوێت. با گڵۆپەکە داگیرسێنم، ئەو کاتە ڕوون دەبێتەوە کە ئایا تۆ ترساوی یان نا.**

**باوک: (ڕێگری لێدەکات) مەگر شێت بووی؟ بۆچی گڵۆپەکە دادەگیرسێنیت؟**

**دایک: بۆ داگیرساندنی گڵۆپەکەش پێویستیت بە بەڵگە هەیە؟**

**باوک: بیر لەو کەسانە بکەرەوە کە لە سەرەوە خەوتوون. نابێ وابەکەین کە خەویان لێ بەزەڕێتت . کوڕەکە بە درێژایی ڕۆژ خەریکی کار و ئیشە وماندوو دەبێت دی باشەوێ تێر بەخەوێت. خوای گەورەش پێی خۆش نیە، با بگەڕێینەوە وبچین بخەوین**

**دایک: ئەی ئەو کەسەی وا لە پشت دەرگاکەوەیە؟**

**باوک: کەس لە پشت دەرگا نییە**

**دایک: بەڵام گوێم لێ بوو لە دەرگای دا**

**باوک: خاتوو گیان خەونت بینیوە؟ کەس لە دەرگای نەدا.**

**دایک: ئێستا کە تۆ دەترسیت، من دەچمە سەرەوە بۆ ئەوەی کاوە لە خەو هەڵسێنم.**

**باوک: دەتەوێت لەم نیوە شەودا بچیت لە جێگاکەی هەڵیسێنی، کەچی؟ بیرت لەوە کردۆتەوە کە چیت پێ دەڵی؟**

**دایک:** ئەوە کوڕی منە. من مافی ئەوەم هەیە شەوێک لە خەو هەڵسێنم.

**باوک:** (کە دیارە دەیەوێت کاوە لە خەو هەڵسێت) نازانم. ئارەزووی تۆیە. ئەگەر ویستت لە خەو هەڵسێنە، بەڵام من هیچ ناڵێم ..بەڵام دەبێ خەونت بینیبێت.

**دایک:** هێس بێدەنگ بە. تۆ گوێت لێیە ؟ وەک ئەوە وایە کەسێک هەنگاو بنێتە دواوە ئەم لاو ئەولا بکات. تۆ گوێت لێیە ؟ باشترە منیش بچم کاوە لە خەو هەڵسێنم.

**باوک:** تێناگەم.. مێشکم کار ناکات

**دایک:** ئاهان. ئێستا دەیبیستی یان نا؟ گوێت لە دەنگی هەناسەی هەیە؟

**باوک:** ( زۆر ترساوە) باشە ئەگەر بتەوێت بچیت بانگی کاوە بکەیت بۆچی لێرە وەستاویت و قسە دەکەیت؟

**دایک:** دەچم (دەچێتە سەر پلیکانەکان)

**باوک:** (کە لە تەنیا بوون دەترسێت) گوێ بگرە

**دایک:** (دەوەستێت) هان؟

**باوک:** دەبێ لەگەڵت بێم

**دایک:** ... تۆ دەترسیت؟

**باوک:** ... نەخێر.

**دایک:** کەواتە بۆ لەگەڵم دییت؟

**باوک:** چونکە ... بەتەنها دەچیت دەترسی

**دایک:** نا من ناترسم. باشترە لێرە بمێنیتەوە و ئاگادار بیت

**باوک:** نا.. نەخێر باشترە لەگەڵت بێم. لەوانەیە پێت هەڵ خلیسکیت و لە پلیکانەکانەوە بکەویتە خوارەوە. هەوا تاریکە، چرو و چاوی دروستت خۆ نییە.

**دایک:** زۆر باشە، کەواتە لێرە دەوەستم و تەماشا دەکەم بەخێرایی دەڕۆیت، بانگی بکە و وەرە.

**باوک:** ناترسیت؟

**دایک:** نا من ناترسم. بە مەرجێک زوو بگەڕێیتەوە.

باوک: زۆر باشە. بۆیە دەبێت لێرە بیت و گوێچکەکانت تیژ بکەیت. ئەگەر شتێک بوو، هاوار بکە. باش ؟

دایک: بەڵێ باش.

باوک: باشە من ئەوە رویشتم. ئاگاداری هەموو شتێک بە. (بەرەو پلیکانەکان دەڕوات و جارێکی تر لە یەک دوو پلیکانەوە کە رویشتوە دەگەڕێتەوە .) من وا دەڵێم!

دایک: هان؟ چی ؟ بۆ نا رووی؟

باوک: دەڵێم .... ئەگەرهەر دوو کەمان پێکەوە بڕۆین زۆر باشترە.

دايك: ئاخە پیاوەکە کەسێك دەبێت لەبەر دەرگا وریا بێت. تۆ بڕۆ، من لێرە دەمێنمەوە و ئاگاداری دەکەم

باوک: نا نەخێر نامەوێت لێرە بە تەنیا جێت بهێڵم و بچمە سەرەوە

دایک: ئەوەندە بێدەسەڵات مەبە پیاو. یان تۆ بمێنەوە و من دەچم لە خەو هەڵدەستێنم یان من دەمێنمەوە تۆ بڕۆ بەخەبەریان بکەرەوە.

باوک: بۆ وا سەختی؟ پێت دەڵێم هەر دوو کەمان دەچین لە خەویان هەڵدەستێنین.

دایک: بە یەکجارێ پێم بڵێ، دەترسم و خۆت رزگارکە

باوک: (بۆ کەمکردنەوەی ترسەکانی بە دەنگی بەرزتر قسە دەکات) نەخێر من ناترسم. من لە چی بترسم؟

دایک: وا بەدەنگی بەرز قسە مەکە.

باوک: بۆ بەدەنگی بەرز قسە نەکەم؟ لە ماڵەکەممم. بۆ دزەی نەچووم (دەنگی بەرز دەکاتەوە) ئەوانەی کە دەچن بۆ دزیی دەبێ بترسن (بە دەنگێکی بەرزتر هاوار دەکات) ئەوانەی لە نیوەی شەودا بێ ئامانج لە درگای خەڵک دەدەن دەبێ بترسن نەک ئێمە. بڕۆ ئەو گڵۆپانە دابگیرسێنە و با بیبینم

(بە توندیی دەکۆکێت. لەناکاو دەنگێک دەبیسترێت وەک دەبەی قەڵەوی دەلەرزێت و لە پشت دەرگاکەوە جوڵەی شتێک دەبیسترێت. باوکەکە بە دەستی دەمی دادەپۆشێت و بە وردی سەیری هەردووکیان دەکات). )

کاوە: (لە پلیکانەکانەوە بانگ دەکات. نابینرێت) ئای! کێ خوارەوەیە؟

دایک: (بە دڵەڕاوکێیەوە دەچێتە سەر پلیکانەکان و بە هێواشی دەڵێت) هیس. ئێمێن کاوە گیان. ژاوەژاو مەکە . زوو وەرە خوارەوە

کاوە: (دەنگی خەواڵووە) چی؟ لەوێ خوارەوە چی هەیە؟

**دایک: وەرە وەرە خوارەوە**

**کاوە: (لە پلیکانەکان دێتە خوارەوە. خەریکە پشتێنەکەی دەبەستێت، بە هەمان شێوە دڵەڕاوکێی دایک و باوکی ی بە وەیش دەگات، دۆخی نائاسایی دەوروبەرەکەی کەمێک دەترسێنێت، هێواش پرسیار دەکات.)چی بووە؟**

**باوک: (ئاماژە بە دەرگاکە دەکات) لەوێ، لە پشتیەوە....**

**کاوە: هان؟**

**دایك: کەسێك لە پشت دەرگاکە خۆی حەشار داوە.**

**کاوە: بۆ چی؟**

**باوک: نازانم**

**کاوە: دزە؟**

**باوک: ڕەنگە. ئێمە لە کووە بزانین؟ خودا بۆ خۆی دەزانی**

**کاوە: چۆن زانیت کەسێک لە پشت دەرگاکەیە؟**

**باوک: سەرەتا دایکت هەستی پێ کرد**

**دایک: من زانیم ڕوڵەی دایە. من لە جیگاکەم دابۆم بەڵام نەمتوانی بخەوم، تەنیایی بیرم دەکردەوە کە لە پڕ گوێم لە دەنگێک بوو. باش کە سەرنجم دا. گوێم لە کەسێک بوو لە دەرگاکە دەدات وەک ئەوەی سەرەتا ئاماژە بە یەک لێدان بدات و دواتر چوار لێدان لەسەر یەک. "تەق، تەق، تەق" هەر وەک ئەو شەو.**

**کاوە: کام شەو؟**

**باوک: پێم وایە خورە لە سەری داوە**

**دایک: هەمان شەو کە گەنجەکە هات، ئەو کەسەی ویستی بە زۆر پارەمان لێ وەربگرێت**

**کاوە: باشە کەواتە ڕەنگە خەونێکت بینیبێت؟**

**دایک: نەخێر خەونم نەبینیوە، ئەویش بیستوویەتی (ئاماژە بە باوک دەکات)**

**باوک: لە پشت دەرگاکەشەوە گوێم لە شتێک بوو**

**کاوە: کەواتە بۆچی ئێستا لە تاریکیدا وەستاوین؟**

باوک: ئێمەش ویستمان بێین تۆش لە خەو هەڵسێنین

کاوە: دایە کەواتە لانیکەم ئەو گڵۆپە دابگیرسێنە. (دایک لە نزیک سویچی ڕووناکی دایە)

باوک: نەخێر نابێت گڵۆپەکە دابگیرسێنین.

کاوە: بۆ؟

باوک: نابێت بزانێت کە  ئیمەلە خەو هەڵساوین

کاوە: لە خۆرا خۆتان مەترسێنن. خەیاڵاوی بوون. ئێستا دەچم دەرگاکە دەکەمەوە تا بزانن کە هیچ نییە.

دایك: (ڕێگری لێدەکات) نەخێر مەڕۆ، ئەگەر چەکدار بێت ڕەحمت پێ ناکات

کاوە: مەترسە دایە

دایک: من دەترسم. کوڕێکم لەدەستداوە. ئیتر نامەوێت  تۆش لەدەستت بدەم

کاوە: کەواتە چی بکەین؟

باوک: دەبێت پۆلیس ئاگادار بکەینەوە

کاوە: چۆن؟ بە چ رێگەیەک؟

دایک: بە تەلەفۆن

کاوە: تەلەفۆنی ماڵەکەمان شکاوە، تەلەفۆنی گشتیش لەسەر شەقامە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەین، دەبێت بڕۆینە دەرەوە.

باوک: بەڵێ  راست وایە... ڕاست دەکات ژنەکە. تۆ مێشکت نییە لەم شتە تێبگەیت؟

دایک: دیی چە بکم سەرم لێ شێواوە

کاوە: پێم وایە باشترە چاوەڕێ بکەین بزانین دواتر چی دێت؟ ئاخر ئەگەر کەسێک لە پشت دەرگاکە بێت هەر نەبی دەنگەدەنگکی لێوە دێت. یان دیسان لێدەداتەوە.

باوک: باشە ئەگەر بڕیارە لە دەرگا بدات، بۆ ئەوەندە دوادەخات؟ بۆچی لێی نادات؟

دایك: ئاگاداری وەزعەکە دەکات ... ئەگەر لەبیرت بێت ئەوجارەش خۆی وتی چوار شەو لەپشت دەرگا ماوەتەوە و شەوی پێنجەم لەدەرگای داوە.

باوک: ئەویش پیاوێکی نامۆ بوو هان! جیهان تەواو جیاوازەهەمووشتێک گوراوە (کاوە جگەرەیەک هەڵدەکات) ناتوانی متمانە بە هیچ شتێک بەکی. پیاو شەوانە لە ماڵە کی خۆیدا سەلامەت نییە. هێواش

و بێخەم، لە ماڵەکەتدا دانیشتوی کە لە دەرگا دەدەن . دەرگاکە دەکەیتەوە، کەسێک خۆی بە ژووورێدا دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوڕەکەتە، هەرچی پێی بڵێیت، بابە گیان، منداڵەکەمان، مردووە. لە رووداوی هاتووچودا بە ماشێنەکی خۆی بە دووڵ ودەرەێک دا کەرد ومرد..سوتا بۆ بە خۆڵەمێش و تەواوو... هەموو ئەمانەی بۆ پشتڕاست بکەرەوە. بە مێشکی داناچێت و شتی سەیر ئەڵێت.

ئێستاش دەبێت لێرە دابنیشێم بە ترس و لەرزەوە و نەزانم دواتر چی دەبێت؟

دایک: ئەو شەوە، هەر وەک ئێستا، ئێمە سێ کەس لێرە بووین. مەریم لە سەرێ بوو. کارەبا کوژاوەبۆوە. کاوە جگەرە دەکێشا و سەیری یەکترمان دەکرد کە دەنگی هەنگاوی کەسێک لە پشت دەرگاکەمان بێست. پێش هەموو شتێک کاوە هەستی پێکرد. سەری بەرز کردەوە و وتی: ... (دەنگێک لە پشت دەرگاکە دەبیسترێت)

کاوە: (سەری بەرز دەکاتەوە و بە وردی سەیری دایک و باوکی دەکات) پێم وایە کەسێک لە پشت دەرگاکەوەیە.

دایک: چی؟

کاوە: دەنگی هەنگاوی کەسێک لە پشتەوەهات. نەتانبیست؟

دایک: هیچم نەبیست؟

باوک: منیش هیچم نەبیست.

کاوە: بەڵام بیستوومە. وەک ئەوە وایە میوانێکمان هات بێت

باوک: جائەم کاتەی شەو؟

دایک: ئێستا کاتی ئەوە نییە کەسێک بچێت بۆ میوانی.

(دەنگی یەک لێدان و پاشان چوار لێدان "تەق،تەق، تەق، تەق،" لەسەر دەرگاکە دەبیسترێت).

کاوە: نەمگوت

باوک: ڕاست دەکات. کیی بەم دەرنگ وەختە؟ کاتژمێر چەندە؟

دایک: دی بۆ لە زەنگە نادات؟

باوک: ئەقڵێکی نایابت هەیە. لەبەر ئەوەی کارەبا بڕدراوە (بە گاڵتەجاڕیەوە)، بە دروستی گوتویانە ژن لە عەقڵ دا کەم بەهرەن.

کاوە: دایکە کلیلەکە لێبدە، بەشکم کارەبا هەبێت.

(دایک کلیلەکە دەدات و گڵۆپەکان رووشن دەبنەوە) باوک: ئای... کەواتە کارەبا هاتوتەوە وئێمە لە تاریکیدا دانیشتبووین؟

دایك: خەتای تۆیە تا کارەبا دەکوژێتەوە هەڵدەستیت و هەموو گڵۆپەکان دەکوژێنیتەوە.

باوک: دەمەوێت کاتێک کارەبادێتەوە گڵۆپەکان نەسوتێن. ئێستا بڕۆ دەرگاکە بکەرەوە.

(دیسان دەنگی پێنج لێدانی "تەق،تەق،تەق،تەق،" دەبیسترێت).

دایک: ئای دیسان لە دەرگای دا. دەبێت کەسێکی نامۆ بێت. (دەچێت بۆ کردنەوەی درگاکە)

باوک: لەم سەردەمەدا مرۆڤەکان خەریکەن عەقڵیان لەدەست دەچێت

(بۆ کاوە) مریەم بەتەنیا چی دەکات؟

باوک: ئای... کەواتە کارەبا هاتوتەوە وئێمە لە تاریکیدا دانیشتبووین؟

دایك: خەتای تۆیە تا کارەبا دەکوژێتەوە هەڵدەستیت و هەموو گڵۆپەکان دەکوژێنیتەوە.

باوک: دەمەوێت کاتێک کارەبادێتەوە گڵۆپەکان نەسوتێن. ئێستا بڕۆ دەرگاکە بکەرەوە.

(دیسان دەنگی پێنج لێدانی "تەق،تەق،تەق،تەق،" دەبیسترێت).

دایک: ئای دیسان لە دەرگای دا. دەبێت کەسێکی نامۆ بێت. (دەچێت بۆ کردنەوەی درگاکە)

باوک: لەم سەردەمەدا مرۆڤەکان خەریکەن عەقڵیان لەدەست دەچێت

(بە کاوە) مریەم بەتەنیا چی دەکات؟

دایک: (شل) دەیەوێت ئەمشەو ڕێگەی پێبدەین لێرە بمێنێتەوە.

باوک: مەگر ئێرە میوانخانەیە؟

دایك: دروست نیە رێگە بدەین کەسێکی نامۆ بچێتە ناو ماڵەوە بەبێ ئەوەی بیناسین، چۆن بزانین بەڕاستی چییە؟ لەوانەیە دز بێت.

دایک: لە دز ناچێت.

باوک: چۆن هاتوتە ماڵی ئێمە؟ چۆن دەماننناسێت؟

دایک: هیچ ئاشنایەکی پێ نەدام. بەڵام چاوەکانی زۆر جۆرێکن. دەنگێکی زۆر ئاشنایە.زۆر لە ناسیاو دەچێت. هەرچی بیر دەکمەوەلە بیرم نایت. لە کوێ ئەم چاوانەم بینیوە؟ پێم وایە لە خزمە دوورەکانمانەوەیە.

باوک: سەیرە!

دایک: کەواتە چی دەڵێی؟ وەڵامی چی بدەمەوە؟

باوک: نازانم واو ... دەتەوێت ئێستا پێ بڵێ بابێتە ژوورەوە با بزانین چی دەڵێت، قسەی حیسابی چییە

(دایک دەڕوات)

کاوە: من پێم باش نییە شەو لێرە بمێنێتەوە

باوک: با بزانم چەجۆر مرۆڤیکە.. ئەگەر کەسێکی خراپ بێت داوای لێبوردن دەکەین و با بروات

کاوە: ڕێگا دان وئیزن دان و هاتنە ژوورە بە دە ست خۆیتی، بەڵام وەدرنانیان کاری حەزرەتی فیلە

باوک: باشە ئەگەر پێت وایە ببێتە هۆی کێشە بۆمان، دەتوانیت هەر ئێستا بچیت نەهیلت بیتە ژوورەوە. بەڵێ رولە گیان هەستە.

(کاوە هەڵدەستێت و بەرەو دەرگاکە دەڕوات. پێش ئەوەی بگاتە دەرگاکە دایکەکە لەگەڵ کەسێکی نامۆدا دەێتە ژوورەوە)

غەریبە: سڵاو

دایک: ئەم پیاوێە

باوک:بەڕاست پیاوی چاک دەمانەوێت شتێکت بۆ بکەین، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ناتوانین هیچ بکەین.و هیچمان لە دە ست نایێت

غەریب: هەر کە ڕێگەتان پێدام شەو لێرە بم، نیعمەتێکی گەورەیە. (کاوە و باوکی چاولە یەکتر دەکەن)

دایک: (کە بەتەواوی بێ ئاگایە لە دۆخەکە) کاک گیان فەرموو بڕۆ لەوێ دانیشە، بۆ وا وەستایت؟

غەریبە: سوپاس (دادەنیشێت) (کاوە و باوک کەمێک بۆ لە بۆڵ دەکەن، بەڵام غەریبەکە و دایکەکە هیچ تێناگەن، باوک دواجار بێدەنگیەکە دەشکێت)

باوک: ئێمە دەناسیت؟

نامۆ: نەخێر.

کاوە: کەواتە چۆن ڕاستەوخۆ هاتیتە ماڵی ئێمە؟

غەریب: ناچار بووم لە دەرگایەک بدەم. بەشەکەم ئەوە بوو کە پەنا بۆ ماڵەکەتان بێنەم.

باوک: سەیرە. تۆنی دەنگت زۆر ئاشنایە لە  گوێم دا.

نامۆ: هیوادارم یادەوەرییەکی خراپم لە مێشکتدا نەهێنابێتەوە.

باوک: نەخێر یادەوەرییەکی خراپ نییە. بەڵام سۆزێکی ناڕوون لە دڵمی داوە

دایک: هەمان ئەو حاڵەتەی کە لە بینینی چاوەکانیدا  دەستی پێ دام.

باوک: پێم وایە پێشتر تۆم بینیوە.

غەریب: لە کوێ؟

باوک: نازانم. نازانم لە کوێ، بەڵام دڵنیام پێشتر لە شوێنێک تۆم بینیوە، بەڵام بە تەواوی نازانم لە کوێ.

غەریب: لەوانەیە تۆ هەڵە بیت.

باوک: نەخێر من هەڵە نیم. دەنگت زۆر ئاشنایە بۆ من ئەی خوایە گیان چ مێشککی خراپم هەیە. بۆ ناتوانم بڵێم لە کوێ بینیومە، وەک ئەوە وایە ماوەیەک پێش ئێستا تۆم بینیبێت.

غەریب: ... ساڵانێکە لەم شارە دوورم.

باوک: لە مانە با دوور کە وینەوە و بڵێی تۆ کێیت؟

غەریب: ڕێبوارم. بەم شارەدا تێدەپەڕم. من تەنها ئەمشەو لێرەم.

کاوە: زۆر بە نهێنی قسە دەکەیت. تۆ کەوتیتە حاڵەتێکی رەمز وراز و نهێنی.

غەریب: ببورە. هیوادارم ڕەفتارەکانم نەبێتە هوی پەشیمانیتان .

دایک: ئەو گەنجێکی بە ئەخلاق و باشە

باوک: ئێمە باسی باش وخەراپ ناکەین . لە بنەڕەتداکێشە و پرسی متمانێە. کەسێک دەبینیت کە متمانەی بە کەس نییە و ناتوانێت هیچ کارێکی لە گەڵ دا بکات.

غەریب: متمانەت بە من نییە؟

باوک: سەیرکە کاکە گیان. تۆ ئەوکەسی وا مەبەستی ئێمە نی. ئەمە پرسێکی گشتییە

کاوە: ئێمە تۆ ناناسین.

غەریب: کەواتە تۆ دەترسایت کە تووشی کێشەتان بکەم.

باوک: نەخێر کاکە گیان ئێمە لە هیچ شتێک ناترسین. لەم دک و پۆزە م مەروانە . هەرچەندە تەمەنم لە پەنجا ساڵ زیاترە، بەڵام هێشتا بە تەنیا ڕووبەڕووی چوار کەس دەبمەوە. ئەم کوڕەی منیش وەرزشوانە، کوڕێکی ترم هەبوو،بە ڕەحمەت بێت ، ئەویش وەرزشوان بوو. ئەو بۆکسێنەر بوو، لە ڕاستیدا ئێمە وەک خێزانێک وەرزشوانین. بۆیە دەبینن ئێمە لە هیچ شتێک ناترسین.

غەریب: ... کوڕەکەت چی بەسەر هات؟

باوک: بۆچی دەپرسن؟

غەریب: هیچ مەبەستێکی ئەوتوم نەبوو

دایک: ئۆتۆمبێلەکەی لە دۆڵێک کەوتە خوارەوە. بەیانییەکیان بە سەلامەتی لە ماڵەوە دەرچوو، وەک چەپکە گوڵ. دوای سێ ڕۆژ هاتن ووتیان گەنجەکەتان بە ئۆتۆمبێل کەوتۆتە ناو دۆڵەکەوە، سووتاوە و بووە خۆڵەمێش. مشتێک خۆڵەمێشیان پێداین، وتیان ئەمە کوڕی تۆیە. بە هەمان شێوە بە ئاسانی. خودایە چەند گەنج بوو! چ ڕانایيەکی گەنج بوو. تەنها شەش مانگ بوو هاوسەرگیری کردبوو، چەندە ژنەکەی خۆشدەویست.

غەریب: ماوەیەکی زۆرە لەو کاتەوە؟

باوک: نزیکەی حەوت ساڵ دەبێت. بەڵام ئەگەر لێم بپرسیت دەڵێم تەنها دوێنێ بەیانی ماڵەکەی بەجێهێشتووە.

دایک: هەر وەک دوێنێ وایە کە لە ماڵەوە چووە دەرەوە.

غەریب: لێرە لەگەڵ ئێوە دە ژیا؟

دایک: بەڵێ لە قاتی سەرەوە، ڕاست لە ژووری سەر ئەم ژوورە، ئێستا ئەم کوڕەم لەوێ دەژی (ئاماژە بە کاوە)

کاوە: دایکە پێویست ناکات هەموو وردەکارییەکانی ژیانمان بە هەموو کەسێکی غەریب بڵێین

دایك: ئای خۆ هیچ ڕووی نەداوە دایە گیان بۆ ئەوەندە خۆت گۆشت تاڵ دەکەی؟ ئەم بەڕێزەش هەروەک کوڕی خۆم وایە

کاوە: هەموو وشەیەک شوێنی خۆی هەیە

باوک: ڕاستە هەموو وشەیەک شوێنی خۆی هەیە.

غەریب: ببورە بە کنجکاوی خۆم نارەحەت تانم کرد

کاوە: سەیرکە کاکەی بەڕێز، ئەگەر لێرەدا پرسیارێک هەبێت ئەوە ئێمە لێت دەپرسین نەک تۆ لێپرسینەوەمان لەگەڵ دا بکەیت.

باوک: بەڵێ ڕاستە، کاوەی کوڕم ڕاست دەڵی.

دایک: ئای خۆ ئێرە دادگا نییە. ئەم پرسیار و وەڵام واتای چییە؟

کاوە: بەڵام پێویستە بزانین ڕێگە بە کێ دەدەین دێتە ناو ماڵەکەمانەوە، ؟

غەریب: من لەبەردەستتدانام.

کاوە: بۆ هاتی بۆ ئێرە؟

غەریب: هیچ شوێنێکم نەبوو بۆ چوون.

کاوە: بەڕاستە؟، تۆ بیرت لەوە نەدەکردەوە کە بچیتە لای هەرکەسێک دەتوانی هەراسان بکەیت.؟

غەریب: من نە چوومە ماڵی هەرکەس.

کاوە: بەڵام تۆ ئێستا لە ماڵی ئێمەیت

غەریب: من براکەت دەناسم

کاوە: براکەم؟

غەریب: بەڵێ کاڤۆس برا گەورەتە. ئێمە زۆر لەیەکەوە نزیک بووین. پێم وابوو لەم ماڵەدا قبوڵم دەکەن.

دایک: چۆن کاڤۆس دەناسیت؟

کاوە: لەو وشانەی کە خۆمان وتمان. قسەکانمان دەداتەوە بە خۆمان.

باوک: بەڵام ناوی کاڤۆسمان پێ نەگوت.

کاوە: لێکۆڵینەوە لە ناوی ئەندامانی بنەماڵەیەک زەحمت وکێشە نییە. بەداخەوە ئەم جۆرە فێڵە زۆر کۆنە

غەریب: منیش تۆ باش دەناسم. زۆر باسی تۆی بۆ کردم. پێی وتم کە جارێک خەریک بوو لە ڕووباری کارون بخنکێ، بەڵام تۆی ڕزگار کرد

باوک: ڕاست دەکات.

کاوە: بەڵێ ڕاست دەکات. بەڵام تاکە کەس کە ئەمە نازانێت خەجە حافز شیرازییە.

غەریب: ڕۆژێک پێی وتم پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی بۆ دواجار لە ماڵەوە بڕوات، دوو هەزار و پێنج سەد تمەنی داوە بۆ دورینی جلەکانت. ئەمە کە ئیتر هەموو کەس نازانێت.

کاوە: تۆ کێیت؟

غەریب: ناتوانم خۆم بناسێنم.

کاوە: بۆ؟

غەریب: چونکە هەست بە متمانە ناکەم.

کاوە: بە چ هۆکارێک؟

غەریب: لە هەموو ڕوویەکەوە

باوک: واو ئێمە بۆ خۆمان چە ناڕەحەتیکمان  بۆ خۆمان دروست کرد.

کاوە: متمانەت بە ئێمە نییە؟

غەریب: لەوە باشتر.

دایک: بەڵام کاک گیان خۆ بێڕێزیمان پێ نەکردیت.

غەریب: من کەسێکی چاوەڕوان نکراوم.

کاوە: چی وا دەکات ئەوەندە چاوەڕوان نەکراوبیت؟

غەریب: ئەو پەیوەندییەی کە من لەگەڵ ئێوە دا هەمە

دایک: تۆ تەنها کوڕی خودالیخۆش بووی ئێمە دەناسی

غەریب: هەمووتان دەناسم

باوک: بەس نییە. پێویستە ئێمەش تۆبناسین.

غەریب: تۆش من دەناسیت

دایک: تا ئەمشەو بە هیچ شێوەیەک تۆمان نەبینیبوو.

غەریب: زۆر منت بینیوە و ئەگەر من نەناسیت لەبەر ئەوەیە کە ناتەوێت بمناسیت.

کاوە: پێشتر تۆمان نەبینیوە و ئیدیعاکەت تەواو بێ بنەمایە.

غەریب: ئێستا ژنی براکەت لەکوێیە؟ ئایا هێشتا لێرە لەگەڵ تۆ دەژی؟

دایک: بەڵێ. وە ئێستاش ...

کاوە: دایە تکایە. (بۆ غەریبەکە) چ پەیوەندیت بەوەوە هەیە؟

غەریب: لەوانەیە من بناسێت.

کاوە: بۆ دەبێ بتناسێت؟

غەریب: لەوانەیە ئەو فەرامووشکار نەبێ.

باوک: مەبەستت ئەوەیە ئێمە فەرامووشکارین ؟

غەریب: یان دەتانەوێت فەرامووشکاربن!

باوک: غەریبە مەبەستت چییە؟

غەریب: هەڵگری پەیامێکی گرنگم بۆئێوە.

باوک: لە کەیەوە؟

غەریب: لە کوڕەکەتانەوە

باوک: لە کوڕەکەمانەوە! کام لە کوڕەکانمان؟

نامۆ: لە کاڤۆسەوە

دایک: ئەی خودای گەورە

باوک: ئەوە تو دەڵێی چی ؟

کاوە: مەبەستت لەم قسە بێمانایە چییە؟

باوک: تۆ مافی ئەوەت نییە بە وتنی ئەم درۆیانە برینەکەمان تازە بکەیتەوە.

غەریب: من ڕاستیتان پێ دەڵێم.

باوک: کاڤۆس، ٧ ساڵە، کە کۆچی دوایی کردووە

غەریب: کاڤۆس نەمردووە

باوک: نەمردووە؟

غەریب: نەخێر، نەمردووە

باوک: ئەوە تێدەگەیت چی دەڵێی؟

**غەریب: بێگومان**

**کاوە: باشە باوکە لە کوڵی بەوە ئەمە  یان شێتە یان فێڵبازە**

**غەریب: نە شێتم و نە فێڵبازم**

**باوک: کاک گیان. ئایا دەتوانم داواکارییەکم لە ئێوە هەبێت؟**

**نامۆ: تکایە**

**باوک: لەماڵەکەم برۆ دەرەوە**

**غەریب: بۆ؟ ئایا زیندو مانی کاڤۆس  ئەوەندە خراپە بۆ ئێوە؟**

**کاوە: باوکە بینیت؟ پێم وتیت نەدەبوو کەس نەدیدەونەناسیاو ڕێگە بەدینە ماڵەوە**

**غەریب: من نەدیدە و نەناسیاو نیم .**

**باوک: سەیرکە کاکە ئازیز گوێت بکەرەوە تا جارێکی تر ئەم چیرۆکە تاڵەت بۆ بگێڕمەوە، حەوت ساڵ لەمەوبەر ئۆتۆمبێلەکەی لە دۆڵێکدا کەوتە خوارەوە و خۆی سووتا و بوو بە خۆڵەمێش. (دایک دەگری) ئێستا خەیاڵت ئاسوودە بوو.**

**غەریب: بەڵام ئەم چیرۆکە ڕاست نییە**

**باوک: ڕاست نییە؟**

**نامۆ: نەخێر. ڕاستییەکە شتێکی ترە.**

**دایک: خوایە گیان واتە لەوانەیە لە ژیاندا بێت.**

**غەریب: ئێستا زیندووە.**

**کاوە: ئەمە درۆیە**

**باوک: منیش باوەڕم نییە**

**دایک: ئێستا لە کوێیە؟**

**کاوە: (بۆ دایک ) باشە دایە با تەواو بکەین. (بۆ غەریبەکە) کاکە زۆر سوپاس. پەیامی کاڤوس گەیشت. سڵاوی لێ بکەن و بڵێ هیوای تەندروستی بۆ دەخوازین. ئیتر فەرمایشتت نییە.**

**غەریب: هێشتا پەیامی کاڤۆسم پێ نەگوتوون**

**کاوە: کەواتە ئەمە چی بوو؟**

باوک: زۆر باشە کاکە تکایە پەیامی کاڤۆسمان پێ بدە و تەشریفتان بڕوون.

غەریب: کاڤۆس پێویستی بە پارەیە، وتی پێش ئەوەی لە ئێرە بڕوات سەد هەزار تمەنم بە قەرز داوە بە دایکم. ئێستا پێویستی بەو پارەیە هەیە.

باوک: کێشەی سەد هەزار تمەنە چییە؟ (بۆ دایك) چیت کردە لەو سەد هەزار تمەنەی لە کاووس وەرتگرتوە؟

کاوە: کام سەد هەزار تۆمان باوکە؟ ئایا بوون بە منداڵ؟ هەموو قسەکانی بێمانایین

دایک: وەک بەڵایەکی ئاسمانی بەسەرماندا داباریوە و بە درۆکانی خەریکە ژیانمان تێکدەدات.

کاوە: بەڵام دەبێ بزانێ کە ئێمە بچوکترین بایەخ بە قسەکانی نادەین.

دایک: خەتای ئێمەیە کە لە سەرەتاوە ڕێگامان دا بێتە ماڵەوە.

غەریب: سەد هەزار تمەنت خەرج کرد یان کردووتە بەپاشە کەوت؟

دایک: مەبەستت لەم فیتنە چییە؟

غەریب: دەمەوێت بزانم ئەگەر بەکارهاتووە، چیتر باسی ناکەم.

دایک: ئەگەر وایە دەبێت بڵێم بەکارهێنراوە

باوک: بەچەکارت هێناوە؟

دایک: جابزانە چەند خۆش باوەریی

باوک: بەڵام بە تەواوی نیشانە دەدات

دایک: نیشانەی درۆ

باوک: گومانی تێدا نییە کە کاڤۆس هەمیشە هەندێک پاشەکەوتی هەبووە

دایک: بە من چی ؟ شاید لای ژنەکەی پاشەکەوتی هەیە؟

کاوە: مریەم روحشی لە پاشەکەوتی ئەو ئاگادار نییە

باوک: هەژماری بانکی نەبوو، کەواتە چۆن؟وچی لێهاتووە؟

دایک: کە واتە دەبێ بۆ من جێی هێشتبێت؟

باوک: چیت لێ کرد؟

**دایک: چی؟**

**باوک: سەد هەزار تمەن؟**

**دایک: چووم گۆڕێکم بۆ خۆم کڕی.؟؟!!!**

**کاوە: ئای خوایە،تەواووی کەن . شورەییە ئەوەندە موناقەشە لەسەر شتێک بکەین کە بەهیچ شێوەیەک بوونی نییە، ئەم کەسە کێیە هاتە ماڵی ئێمە و هەمووانی پێکداداوە؟**

**غەریب: من زۆرنەناسیاو و بێناو نیم. لانی کەم تۆ (ڕو بە دایک) کە چاوەکانم دەناسیت سەیری چاوەکانم بکە**

**دایک: (دەگەڕێتەوە) نەخێر هیچم لە تۆ نازانم. تۆ بە فێڵ هاتیتە ئێرە، دەتەوێت بەمان رووتێنیەوە.**

**غەریب: دیسان تەماشام بکە چاوەکانم ناناسی؟**

**دایک: چیت لێمان دەوێت؟ بۆ وازمان لە ناهێنی! خوایە گیان ئەم بەڵایە چی بوو کە ئەمشەو تۆشمانت کرد ؟ خوا ئەزانێ من پارەم نیە. من فەلسێکم نییە.**

**غەریب: (هەست دەکات بەڕاستی دایک ئێستا پارەی نەماوە) زۆر باشەکە واتە(بۆ باوک) تکات لێ دەکم و روو لە ئێوە دەنیم**

**باوک: روو لە من ؟**

**غەریب: مەبەستم ئەوەیە تۆ دەبێت ئەم پارەیە بۆ کوڕەکەت دابین بکەیت**

**باوک: دابینی بکەم؟ لە کوێ؟**

**غەریب: ماڵەکەت بفرۆشە**

**باوک: کە چی بێت؟**

**کاوە: هیچ، پارەکەی دوو دەستی پێشکەشی ئەم بەڕێزێی بکەی تا بیبات لەو دونیا ی دیکە بیدات بە کاوە.**

**غەریب: پێویست ناکا بیبمە ئەو دونیایە. لە ئەم دونیایە زیاتر پێویستی پێیەتی**

**باوک: گوێ بگرە کاکە گیان . ئەم ماڵەم لە سەتلە زبڵ دا نەدۆزیەوە تا بە خۆڕایی پێت بدەم. تەمەنێک دوورە ودڕێژە دەژیم. باوکم هاتە بەردەم چاوم تا بتوانم ئەم چوار پارچە گڵ و قوڕە بەیەکەوە دابنێم. ئیفلاس بووم. تا ئەو کاتەی دروستم کرد.**

**غەریب: پێش ئەوەی دروستی بکەیت ئیفلاس بووی.**

**باوک: تێناگەم چیت وت؟**

**غەریب: وتم ئیفلاس بووی. ئەم خانووەت بە پارەی کاڤۆس دروست کردووە**

**باوک: کاڤۆس دەیتوانی چیم بۆ بکات؟**

**غەریب: کاڤۆس لەو کاتەدا بڕێک پارەی هەبوو بۆ کڕینی خانوو**

**ئەوکاتە تو لە بازاڕ ئیفلاس بوویت، ژوور و دووکانی بنی بازاڕت فرۆشت و باقی کەلوپەلەکانت فرۆشت و قەرزەکانت داوە، بەو پارەیەی کاڤۆس پێتی بەخشی، دەستت کرد بە دروستکردنی ئەم خانووە.**

**باوک: هیچ گەمژەیەک باوەڕ بەم چیرۆکە ناکات**

**غەریب: دەزانی ئەم چیرۆکە ڕاستە و ئەوە بەسە بۆ من**

**باوک: لەم دوورو ڕۆژەدا کەس پارەی بێ زەمان نادا بە مرووڤ زەمان دار**

**غەریب: بەڵام کاڤۆس ئەوەی کرد**

**کاوە: بەڵام باوکە ... هەروەها لەبیرمە کە کاوەس پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکات بیری لە کڕینی خانوو کردۆتەوە، تەنانەت چەندجارێک پێکەوە چووین و چەند ماڵێکمان بینی.**

**باوک: دەتەوێت چی بڵێیت؟ ئەم قسانە چ پەیوەندییەکیان بە منەوە هەیە؟**

**کاوە: باوکە لەو کاتەدا لە دۆخێکی دارایی زۆر خراپدا بووی.کاتێ کە دەستت کرد بە دروستکردنی ئەم خانووە، هەموو ناسیاوەکان، تەنانەت ئێمەش، سەرسام بووین.**

**باوک: مەبەستت چییە؟**

**کاوە: باوکە دادپەروەرانە نییە موڵکی کچێکی هەژار وەربگریت.**

**باوک: تۆ قسەی بێمانا دەکەیت**

**کاوە: ئەم ماڵە هی مریەمە**

**باوک: مریەم !؟**

**کاوە: بەڵێ مریەم. مریەم هاوژینی کاوەس بوو و دوای مردنی کاووس ئەم ماڵە دگات بە  مریەم.**

**باوک:توزۆر گەمژەیت باوەڕی پێ  دەکەیت. هەموو قسەکانی درۆیە**

**کاوە: باوکە تۆ دەزانی هەموو ئەوانە درۆ نین... هەرچەندە ڕەنگە فێڵباز بێت، بەڵام شتێک دەزانێت.**

**دایک:** مەگرکێیە؟ وا هەموو شتێک دەزانێت؟

**غەریب:** تۆ دەزانیت کە من کێم

**دایک و باوک:** نەخێر نازانین

**غەریب:** تۆ لە دەنگمەوە منت ناسیوە.

**باوک:** وتم تۆ ناناسم

**کاوە:** باوکە ئەوە کێیە؟

**باوک:** چوزانم منیش وەک تۆم

**کاوە:** هەست دەکەم ئێوە دەیناسن بەڵام نازانم بۆچی حاشای لێ دەکەن

**باوک:** من بە هیچ شێوەیەک نایناسم

**کاوە:** بۆ ئەوەندە لێی دەترسیت؟

**باوک:** لە هیچ شتێک ناترسم. بۆ بەم شێوەیە موناقەشەم لەگەڵ دەکەیت؟

**کاوە:** من دەبێ بیناسم. ئەگەر حەقیقەتت دەوێت، کەم تا زۆر بەلای منەوە ئاشنایە، بەڵام ناتوانم بە دروستی بیربکەمەوە، تەنها ئاماژەیەک بەسە بۆ ئەوەی بە تەواوی بناسیم.

**دایک:** کاوە گیان ئەوەندە لەگەڵ باوکت موناقەشە مەکە. لێگەڕی بروات.

**کاوە:** دایە تۆش ئەوت دەناسی. بۆچی حاشای دەکەیت؟

**دایک:** لە بەرژەوەندی هەموومانە کە ئەو لێرە بڕوات

**کاوە:** دایکەگیان تۆ بۆ خۆت هێناوتە ماڵەوە ئێستا بۆ دەتەوێت دەریکەی؟

**دایک:** سەیرکە کوڕەکەم مردنی کافۆس بۆ هەموومان بە ئازار بوو. ڕەنگە لە هەمووی زیاتر من کە دایکم ئاگرم تێبەربۆ و چەمامەوە. بەڵام وردە وردە هەموو شتێک لەبیر چوو و ئێمەش بە ژیان ڕاهاتین وەک دەبینی بە باش و خراپی ژیانمان کرد. ئێمە هیچ گلەیییەکمان لەو بارەیەوە نییە. ئێستا بۆ بێین هەموو شتێک زیندوو بکەینەوە و خۆمان بخەینە تەنگانە.

**باوک:** پێت وایە بە زیندووبوونەوەی کافۆس هەموو شتێک باش دەبێت؟

**کاوە:** ڕەنگە ڕاست نەبێت، بەڵام زۆر بابەت روون دەبێتەوە (دەچێتە لای ئەو غەریبەی کە خۆی لادەبات و شاهیدی شەڕ و ئاژاوەکانیان دەبێت) پەیوەندیت لەگەڵ براکەمدا چییە؟

**غەریب: زۆر لێی نزیکم.**

**کاوه: تۆ هاوڕێی ئەو بووی؟**

**غەریب: لە هاوڕێیەکم لێی نزیکترم**

**کاوه: ئێوه بنەماڵەی ئەون؟**

**نامۆ: نزیکتر**

**کاوه: کەواتە کێی تر؟ تۆ برای ئەو نیت چونکە ئەو جگە لە من هیچ برایەکی نەبوو**

**باوک: ئەگەر ڕێگری لێ نەکەیت بانگەشەی ئەوە دەکات کە خۆی کاڤۆسە**

**کاوه: تکایە بە ڕوونی پێمان بڵێن تۆ کێیت؟**

**غەریب: (دوای وەستانێکی درێژ) من ... کاڤۆسم.**

**کاوه: کێ؟**

**غەریب: کاڤۆس براکەت.**

**دایک: درۆزن!**

**باوک: فێڵە باز!**

**غەریب: ئێستا دەبێت من بناسیەوە**

**کاوه: (مات) هان!؟ !**

**غەریب: تۆ بۆ خوت وتت کە من ئاشنا دەردەکەوم و تۆ بە تەواوی دەمناسیتوە تەنها بە ئاماژەیەکی بچووک**

**(کاوه لە دۆخێکی سەیردایە، وەک کەسێک کە قاچەکانی لاوازن. بە تەختی دەکەوێتە سەر قەنەفە. غەریبەکە لەبەردەمیدا ئەژنو دادات وچاو لە چاوی دەبرێت بە هیوای ئەوەی کە وە بیری بێتەوە .کاوه تێدەکۆشێ کە چاو لە چاوی نەبرێ).**

**غەریب: باشە پێم بڵێ بزانم زانیت؟ من دەناسی؟ناسیتەوە**

**کاوه: (دوو سێ جار سەیری غەریبەکە دەکات و لە کاتێکدا چاوی لێی لادەبات وروو وەردەسۆڕێنیت) نەخێر ... (و پاشان هەڵدەستێت و بێ ئامانج تەنها بۆ ئەوەی لەبەر چاوی نەبرێتە ئەو بە دەوری ژووره کە دا دەگەرێت)**

غەریب: (دوای کاوە دەکەوێت) تۆبۆ؟ بۆچی تۆ؟

دایک: چیت لێی دەوێت؟

باوک: بۆ وازی لی ناهێنیت

غەریب: (دەگاتە کۆتایی ژوورەکە لە پشت کاوە) ئەوان چاک دەزانن بۆ نکۆڵی وحاشالە من دەکەن، بەڵام تۆ بۆ؟

کاوە: (ڕوو لە غەریبەکە دەکات، سەیری پلیکانەکان دەکات، پاشان بە توندی چاوی لە دەموچاوی دەکات و دەڵێت) تۆ ناناسم کاکە (بەپێی تێدەپەڕێت، دێتە بەردەم شانۆ، لەسەر شانۆ دادەنیشێت)

غەریب: (بۆ ساتێک بەدوای کاوەدا دەکەوێت) باشە. باشە . تۆش من ناناسیت، بەڵام لەم ماڵەدا کەسێک هەیە من دەناسێت

باوک: لێرە کەس ناتناسێت

نامۆ: بۆچی. پێم وایە کەسێک هەیە هێشتا دڵی بە تەواوی ڕەش نەبووە، منیش زیاتر بەهۆی ئەوەوە هاتمەوە ئێرە.

دایک: زەحمەت بە خۆت مەدە؛ کەس تۆ ناناسێت.

غەریب: ئێستا دەبین. (هاوار دەکات) مریەم! مریەم !

باوک: چت بە مریەم داوە؟

غەریب: ئەو هاوسەری منە و لە هەمووان باشتر دەمناسێت. دەزانم هەموو ئەو پیلانانە تەنها بۆ زەوتکردنی موڵک و ماڵی من بووە. گرنگ نیە . ئەم بەش ڕەشە بۆئێوە. دەستی دەگرم، لەم تاڵاوەکە دەریدەهێنم و لەگەڵ خۆم دەیبەم

دایک: ناتوانی بیبەی. ئەو لەگەڵ تۆدا نایەت.

غەریب: بۆچی حتم دێت. دەبینن کە منی لەبیرە. ئەو جیاوازە لە کەسانێکی بێ دڵ ورەحمی وەک ئێوە. دەزانم لە کاتێکدا من لێرە دوور بووم چەندە ئازاری چەشتوە. هەر لەو ساتەوە کە لە زمانی ئێەووە گوێم لێ بوو ئەو هێشتا لێرەیە، هیوایم بە ژیانم سەد چەندان بوو ، دڵنیا بووم لەوەی دوای من هاوسەرگیری نەکردووە، و هێشتا بەڵێنەکانی کە پێی دابووم جێبەجێ کردووە، هەرچەندە ئێستاش لاو وژیر وجوان ماوە ودەزانم داواکاریشی زۆر بووە هاوسەر گیری نە کەردووتەوە و پێم وەفادار ماوتەوە هەر لەبەر ئەمەشە تا ئێستاش منی وە بیر دێتەوە (مەریم دێتە خوارەوە). ئەوەتا هەر وەک حەوت ساڵ لەمەوبەر گەنج وژیر وجوان. هیچ جیاوازییەکی نییە.

مەریم: پورێ گیان داوای لێبوردن دەکەم کاوە هەرای لێ کردم؟

غەریب: من بانگم کردی.

مەریم: (بە سەرسوڕمانەوە) تۆ؟

نامۆ: بەڵێ من  بانگم کردی. هەرگیز چاوەڕێی ئەوەت نەدەکرد جارێکی تر بمبینیتەوە، وانییە؟

مەریم: مەبەستم ... ئای خوایە گیان

غەریب: مەبەستم ئەوەیە من زیندووم. بەڵێ ئەمە ڕاستە. من زیندووم... بەستزمان وا دەزانێت کە خەون دەبینێت. بەڵام تۆ خەون نابینی مەریم من زیندووم. (مەریم بە سەرسوڕمانەوە سەیری غەریب و کاوە ودایک دەکات)

دایک: مەریم گیان ئەوە پیاوێکی فێڵبازە.

غەریبە: بێ کەڵکە. ئەم فەر وفیشاڵانەبێ کەڵکن، ئەو منی خۆشدەوێت و بەم هۆیەشەوە منی لەبیر نەکردووە. مەریەم لە بیرتە: دوایین جار کە ماڵئاواییم لە ئێوە کرد حەوت ساڵ لەمەوبەر بوو، لەگەڵ چوار هاوپیشم چوومە وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی گرنگی کارگێڕی. بەڵێ ڕاستت بیست، من و هاوکارەکەم بە سەیارەکەوە کەوتینە نێو دۆڵەکەدا   ، بەڵام تێنەگەیشتم چۆن لە دەرگاکە یان لە دەرگای شووشە و فڕێدرامە دەرەوە  (ئەو دەمارگیر دەبێت) لە هەمووی گرنگتر چوار لە باشترین هاوڕێکانم و... ، لە دۆڵەکە دەدا، تەلیان دەدا ولە پێش چاوم دەمبینی کە ئۆتۆمبێلەکەخولی دەخوارد و چیتر تێنەگەیشتم چی ڕوویداوە، تاکە شتێک کە بینیم و بیستم دەنگی تەقینەوەیەکی ترسناک بوو، و ئەو دوکەڵە ئەستوور و ڕەشە بوو کە چەند مەترێک لە خوار منەوە بەرز دەبووەوە، هیچ شتێکم بە دروستی لەبیر نییە. چیتر تێنەگەیشتم چی ڕوویداوە، کاتێک چاوەکانم کردەوە و بینیم لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی تاران خەوێنم، پێم وایە نزیکەی ٥ ساڵ تێپەڕیبوو کە توانیم بۆ ئەوەی زیرەکی و هۆشم وەربگرمەوە هەرچییەکم پاڕامەوە، هەرچییەک هاوارم کرد، من کاڤۆسم، کاڤۆس مێروتی

بەڵام کەس گرنگی پێ نەدا.

«کاڤۆس مروتی» کەسیکە کە بێجگە لە خۆی کەسی بە پیاو نەدەزانی پێیان وت  تۆ شێتێکی دەروونیت. بەڵێ من شێت بووم، مافی ئەوەیان هەبوو بە شێت ناوم ببەن، ئاخە٥ ساڵ بوو زیرەکی و هەستی دروستم نەبوو، تەنانەت چەند جارێک لە شێتخانە کە ڕامکرد،

جارێکیان کە لە شەقامەکانی تاراندا سەرگەردان بووم، چەند منداڵێک بە دەوری مندا دەگەڕان و بە شێت ناویان دەبردم.  (هەر چوار کەسەکەی تر پشت بە پشت وەستاون لە ناوەندی شانۆکەدا) بەم شێوەیە (بە دەوری ئەواندا دەخولێتەوە) هۆ هۆ شێت، هۆ هۆ شێت ....

(بە ماندووییەوە دەکەوێتە سەر زەوی)

تا ئەو کاتەی کە دەستگیرکرام و جارێکی دیکە لە نەخۆشخانەی دەروونی سەرم دەرهینا ، لە دوو ساڵی ڕابردوودا ورده ورده هۆشم هاتەوە سەر خۆ، تەنانەت ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەکەمانم وەرگرت و چەند جارێک پەیوەندیم پێوە کرد، بەڵام یان وەڵامی نەدایەوە یان بە ڕستەیەک دیانگوت : "بێدەنگ بە موزاحیم" جارێک قسەم لەگەڵ کردیت،دایە...لە بیرتە زیاتر لە... دە خولەک، بەڵام لە کۆتاییدا پێت وتم ئیترموزاحیم مبە و بێزارمان مەکە. ئێمە بە هیچ شێوەیەک کوڕێکمان نییە بە ناوی کاڤۆس. من ئێستا لە تۆ تێدەگەم مریەم، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، من هەر ئێستا ڕاست لەبەردەمتدا وەستاوم و دەمەوێت لەگەڵ خۆمدا بتبەم.

مریەم: تۆ کێیت ... کاکە؟

غەریب: (بەسەرسورمانیکی سەیر) من کێم؟ مریەم تۆش دەپرسی من کێم؟

مریەم: زۆر بەداخەوە گەورەم من ... بە جێتان ناهێنم. هەر بۆیە دەپرسم تۆ کێیت؟

غەریب: لەم حاڵەتەدا من کەس نیم. ڕەنگە تا چەند ساتێک پێش ئێستا کەسێک بووم، بەڵام ئێستا کەس نیم، بۆیە ئێستا دەپرسم ئەی، تۆ کێیت. (مەریەم وەڵام ناداتەوە) هان. تۆ کێی ؟

کاوە: ئەو هاوسەری منە.

غەریبە: ژنەکەت؟

باوک: دوای مردنی برای خودالێخۆش بوۆ، ئێمە بۆمان مارەمان کرد.

دایک: کچێکی باشە. پێمان حیفبوو کە لە بنەماڵەکەمان دابپڕێت، کاتێک ئەو لەم ماڵەدایە، یادەوەری کاڤۆس هەمیشە زیندووە بۆ ئێمە.

غەریبە: بەڵێ یادەوەری، یادەوەری شتێکی بەنرخە.

باوک: گاڵتەمان پێدەکەیت؟

غەریب: نا نەخێر هەرگیز،دی ماڵئاوایی تان لێ دکم. ببورن کە ئەمشەو بێزارتانم کرد.

باوک: گرنگ نییە. سوپاس بۆ خوا لێک تێنەگەیشتنەکە چارەسەر کرا.

غەریب: بەڵێ ئەوە زۆر گرنگە

باوک: لە ئێمە ناڕەحەت نیت؟

نامۆ: بە هیچ شێوەیەک نا

دایک: ئێستا ناتەوێت ئەمشەو لێرە بمێنیتەوە؟

**غەریب:** نەخێر ئەمشەو نا، ئەمشەو نا

**باوک:** بەڵێ باشە ،ڕەنگە کاریان هەبێ و نەتوانن. نابێت زۆر پێداگری بکەین. بەڵام نابێت بەڵێنەکەمان لەبیر بکەن. وەخت ناوەختێک سەردانێکمان بکە، ئێستا هاوڕێین، وایە؟

**غەریب:** بێگومان

**دایک:** بەڵام پێدەچێت کە ئەم شارە بەجێبهێڵن

**غەریب:** نەخێر پێم وانییە چیتر بڕۆم.

**باوک:** مەبەستت ئەوەیە کە دەتەوێت لەم شارە بمێنیتەوە؟

**غەریب:** ڕاستییەکە ئەوەیە کە من چیتر ئومێد و ئارەزووم نەماوە کە خۆم کۆکەمەوە بۆ جێهێشتنی ئەم شارە.

**باوک:** چۆن هیچت نییە؟ تۆ گەنجی و تەندروستیت. لە هەر شوێنێک پێت دانیی دەتوانیت لە خاکی ڕەش زێڕ دروست بکەیت.

**دایک:** چاوێک لە خۆت بکە. تاڵێک لە قژت بەهای سەد لەم گەنجانەی سەر شەقامە.

**غەریب:** نەخێر ئیتر هیچ بەهایەکم نییە. وەک ئەو دراوە بانکیانەی کە پشتگیرییان لێناکری مهەیە. تەنها بە دەردی سەبەتەی زبڵ دەخۆم .... جارێ ماڵئاوا

**دایک:** کەواتە لانیکەم ئەمشەو لێرە بمێنەرەوە

**غەریبە:** دایکە خەم مەخوو. ڕۆژێک دەگەڕێمەوە. ڕەنگە شەوێکیتر؛ کەس چە دەزانێت. ماڵئاوا (دەروات)

**دایک:** خوات لەگەڵ کوڕەکەم

**باوک:** خودا پشت و پەناتبێ کوڕی چاک (دەنگی کردنەوە و داخستنی دەرگاکە دێت) فەقیرە جەحێڵیش بوو. (دایک و باوک بە گریان دەتقێن)

**کاوە:** ئێستا بۆ دەگرین؟

**باوک:** دیی دڵمان بۆیی دەسووتێ

**دایک:** مرۆڤ خۆ بەرد نییە ، دڵی بۆ مرۆڤەکان دیکە دەسوتێت

**کاوە:** ئێوە کە ئەوەندە دڵتان بۆیی دەسوتێت تێگەیشتن کە مەبەستی چییە،

**باوک:** مەبەستت چییە؟

**کاوه: وتی دەگەڕێمەوه ...**

**باوک: باشه بابگەڕێتەوه**

**کاوه: باشه بگەڕیتەوه؟ ئایا نەتبیست بانگەشەکانی چی بوون؟چی دەوێست؟**

**باوک: دی باشه؟**

**کاوه: پێی وتی ماڵەکه بفرۆشه و هەموو پارەکەی پێ بدەی. ئەو ئیدیعای کرد که ١٠٠ هەزار تمەنی له دایکمی دەوێت. بانگەشەی ئەوه دەکات که مەریم ژنەکەیەتی و ویستی لەگەڵ خۆیدا بیبات.**

**دایک: نه، ئەو قسەکانی ڕاست نەبوون. ئەو قسانەی پێی وتم هەمووی درۆ بوون.**

**باوک: یەک وشه که لەبارەی ماڵەوه دەیگوت راست نەبوو.**

**دایک: چەند بوێرانه سەیری چاوەکانی تۆی کرد و درۆی کرد کوڕەکه بەتەواوی شێت بوو.**

**کاوه: پێویسته له کەسانی شێت بترسیت**

**باوک: کەواته پێت وایه ئێستا ئەرکەکەمان چییه؟**

**کاوه: نابێت دەسترا بگرین و چاوەڕێ بین.**

**باوک: ڕاسته، بەتەواوی ڕاسته، نابێت دەسترا بگرین و چاوەڕێ بکەین. گوێت لێمه خاتوون؟ ئەمه زۆر گرنگه**

**دایک: ئێستا چی بکەین؟ ئایا بیکوژین؟ ئێمه بکوژ نین.**

**کاوه: پێویست ناکات بیکوژین. تەنیادەبی یاسائاگادارکینەوه، . دەبێت هەر ئێستا پەیوەندی به بنکەی پۆلیسەوه بکەین، تالەم کۆڵانه دوورنەبووتەوه.**

**باوک: ئێستا کێ ئەمه دەکات؟ مەبەستم ئەوەیه ئەگەر ئافرەت پەیوەندی بکات کەس گومان نەکات.**

**دایک: من خوێندەواری دروستم نییه. نازانم چۆن به باشی قسه بکەم**

**باوک: قسەکردنی چوار وشه که پێویستی به خوێندەواری نییه**

**دایک: نازانم**

**مریەم: (که تا ئێستا له ژوری پشتەوه له پشتیانەوه وەستاوه و گوێی له باسەکانیان گرتووه) ئەگەر هیچ کێشەیەک نەبێت ئەوه من پەیوەندی دەکەم.**

**کاوه: تۆ !؟**

مریەم: منیش لەم کێشە دا بەشدارم. وەک ئەندامێکی ئەم بنەماڵەیە، ناچارم ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم.

باوک: چ کێشەیەک هەیە؟ زۆریش باشە. کاوە گیان، با مەریم تلەفوون بکات.

کاوە: باشە دەزانی چی بڵێیت؟

مریەم: هەوڵدەدەم بەم شێوەیە بابەتەکەیان پێ بڵێم (دەچێتە ژوورەکەی سەروە، کاوە جگەرەیەک دادەگیرسێنێت و بیردەکاتەوە)

کاوە: بەڕای من باشترە گڵۆپەکان بکوژێنیەوە.

باوک: بۆ؟

کاوە: چونکە ئەگەرئەوکەسە لەو دیوە بێت، پێی وایە ئێمە خەوتوین و کاتێک دەستگیر دەکرێت هیچ گومانێکمان لێ ناکات.

باوک: ئەوە بیرۆکەیەکی باشە

کاوە: دایە کلیلەکە لێبدە.

(دایک کلیلەکە دەدات. گڵۆپەکان دەکوژێنەوە. دیمەنەکە لە گڵۆپی دەرەوەوە داگیرساوە. مێزانسینەکە هەر وەک ئەو ساتە وایە کە دایکەکە ڕابردووی بیر دێتەوە).

دایك: مەریم ئەو شەوە تەلفوونی کرد؟ چی بە بنکەی پۆلیس گووت؟

کاوە: بە دروستی بیرم نییە. بەڵام دەزانم ئەو هەمووی پێ وتن.

باوک: دڵنیای تەلفوونی کردووە؟

کاوە: بەڵێ دڵنیام، گومانت هەیە؟

دایك: من دەڵێم باشترە لە خۆی مەریم بپرسن.

کاوە: چی بپرسین؟

باوک: با بپرسین بەڕاستی ئەو شەوە تەلەفۆنی کردووە یان نا؟

دایک: خەتای ئێمە بوو. نەدەبوو ئومێدمان بۆ ئەوە هەبێت، دەبوو خۆمان بچینە سەرەوە و تەلفوونمان بکردایە.

باوک: خۆی وتی دەچمە سەرەوە تەلفوون دەکم

دایک: چۆن دەزانی ئەو کارەی کردووە؟ ڕەنگە ویستبێتی دەرفتی بدا کە هەڵێت، ئەگەر شتێک ڕوویدا خەتای تۆیە

باوک: من لە کوی بزانم ئەوە ڕوودەدات. کاتێک عەقڵی خۆمان دەدێنە دەست ئەم گەنجانە نازانین چمان بەسەر دێت.

کاوە: ئەی ئەگەر ئێمە عەقڵمان بە ئێوە دابا. چیت دەکرد؟

باوک: من بە هیچ شێوەیەک تەلفوونم نەکرد.

دایک: بە هێواشی،،، هاوار مەکە

باوک: ڕەنگە ئەو کاتە وەک ئێستا لێمان تورە نەبووبێت، بەڵام ئەمجارە ئەگەربێت ئەوە بۆ ماڵیی دونیانایت. دێت بۆ ئەوەی تۆڵەمان لی بکاتەوە. هەمووی خەتای تۆیە. (بە کاوە)

کاوە: تۆ کە ئەوەندە دەترسی، ئەوەی دیویست بدابایت بۆ ئەوەی ڕێگای خۆی بگرێت و بڕوات.

باوک: بەدبەخت ئەگەر ماڵەکەم فرۆشتادابایت. پاشان شەوان لە کوێ دەخەوتت (بە ئیرۆنییەکی زۆرەوە) مەگەر ئەو تەنها پارەی دەویست.؟

دایك: توخودابەسی کەن. ئەگەر لە پشت دەرگاکە بێت، ئەوەگوێی لە هەموو شتێک بووە... ئەوەندە دەنگە دەنگ مەکەن

باوک: ئەگەر لە پشت دەرگاوە بێت؟ مەعلوم دەبێت دەردەکەوێت کە لە پشت دەرگاکەوێیە

کاوە: کەواتە تۆ دڵنیای کە ئەو لە پشت دەرگاکەیە و بەو شێوەیە هاوار دەکەێت؟

باوک: بەهەر حاڵ من بە مریەمم نەگوت بڕۆ بۆ بنکەی پۆلیس تەلفوون بکە تەنها بێدەنگ بووم چونکە ئیتر کەس لەم ماڵە گوێم لێ منی پیرەمێرد ناگرێت.

دایک: واز بێنن. توخوداکەت بێدەنگ بە پیاو. تۆچەند دەترسیت.

باوک: ناترسم ژن. من ناترسم. ویژدانم نارەحەت دەبێت چونکە کەسێکم خاوەن ویژدانم.

مریەم: (کە بەهۆی ژاوەژاوەوە لە خەو هەڵدەستێت لە پلیکانەکانەوە دێتەوە ) کاوە. کاوە لە کوێی؟

دایک: هێس لێرەیە، هاوار مەکە. وەرەخوارەوە

مریەم: چی ڕوویداوە؟ بۆچی هەمووتان لێرە کۆبوونەتەوە لەم نێوە شەودا؟

دایک: سەیرکە کچی جوان من شتێکت لێ دەپرسم. ڕاستیەکە بڵێ . ئەو شەوەت لەبیرە کە پیاوە جەحێڵە هاتە ئێرە؟

**مریەم: کامە جەحێڵ؟**

**دایک: ئەو کەسەی کە لە  سەروسیمایکی  شێتانەی هە بوو و شتی سەیر و سەمەرە دەیگوت من کاووسم.**

**مریەم: بەڵی**

**دایك: دوای ئەوەی ڕۆیشت، تۆ چوویتە سەرەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە بنکەی پۆلیسەوە بکەیت، مەگر وا نەبوو؟**

**مریەم: بەڵێ**

**باوک: باشە. ئایا تۆ تەلفوونت کرد؟**

**مریەم: تۆ خۆت پێت وتم پەیوەندی بکە**

**باوک: پێم نەوتیت تەلفوون بکە.**

**کاوە: باشە من وتم. تەلەفۆنت کرد یان نا؟**

**مریەم: بەڵێ.**

**کاوە: چیت وت؟**

**مریەم: بە دروستی بیرم نییە. هەر ئەوە تۆ وتت.**

**کاوە: مریەم ڕاستی بڵێ. تو پەیوەندیت بە بنکەی پۆلیسەوە کرد یانا؟**

**مریەم: (بە ترساوە) لێرە چی ڕوویداوە؟**

**باوک:  ئەو ئێستا لێرە لە پشت دەرگاکەیە. ڕەنگە چەکداریش بێت.**

**مریەم: خەتای من چییە؟**

**دایک: تۆ تاوانبار نیت. تەنها دەمەوێت بزانم پەیوەندیت کرد یان نا؟**

**مریەم: ئەمە چ کێشەیەک چارەسەر دەکات؟**

**باوک: چۆن دەزانن کە خۆی کاڤۆس نەبووە؟**

**مریەم: کاڤوس؟**

**باوک: بەڵێ کاڤۆس. کوڕی خۆمان**

کاوە: ئێستا چۆن گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو کاوەسە؟

باوک: ئەگەر کافۆس بێت دڵنیایە زیان بە باوکی ناگەیەنێت.

دایک: خودای گەورە! واتە لەوانەیە کافۆس خۆی بێت.

باوک: بێگومان خاتوون. بۆ نا؟ خودا دەتوانێت هەرچی بیەوێت بیکات.

دایک: بەڵام خۆ دەزانین کوژراوە

باوک: چۆن بزانین؟ چاومان کوێرە خاتوون. ئێمە تەنها ڕواڵەت دەبینین، ئاگاداری ڕاستی شتەکان نین. هەروەها بە یاقوب گوترا کە گورگێک یوسفی خواردووە، بەڵام ڕاستییەکە شتێکی تر بوو. هیچ شتێک ڕوونادات مەگەر خوا بیەوێت. ڕەنگە خودا ویستبێتی کافوسەکەم بۆ من بگەڕێنێتەوە، هەروەک چۆن یوسفی گەڕاندەوە بۆ لای یاقوب.

دایک: کەواتە تۆ دەڵێی ئەم کەسەی پشت دەرگاکەیە و ئێمە ئەوەندە لێی دەترسین کوڕی خۆمە؟

باوک: بێگومان خاتوون. کوڕی خۆم. کوڕە ئازیزەکەی خۆم کە گەڕاوەتەوە ماڵەوە. گەڕانەوە بۆ لای دایک و باوکی

دایک: ئای خوایە گیان. یەکەم جار کە چاوم پێی کەووت دەڵم بە جاڕێک وە خورپە کە وت ، دڵم نوقم بوو. دڵنیا بووم کە ئەو خزمایەتی بە ئێمەوە هەیە.

باوک: دەنگی، دەنگەکەی هەر وەک دەنگی کافۆس بوو. دەنگەکەی هیچ گومانێکی نەهێشتەوە کە ئەو کافۆسە.

دایک: (بۆ مەریم) لەو کاتەدا ئەم کچە بێ چاو وروو، وەک پشیلە چاوەکانت داخست و چوویت و تەلفوونت بۆ پۆلیس کرد کە بێن وبیگرن.

مریەم: لە کووە بممزانیایە کە بەڕاستی خۆی کافۆسە؟

دایک: مرۆڤ دەبێ بەڕاستی کوێر بێت بۆ ئەوەی مێردەکەی نەناسێت، یا قەد وقەڵافەتی ئەمە کوێری کەردی (ئاماژە بە کاوە) وکوێر بوو کە نەتتوانی ئەو دایکە مردووە ئازارچێشتووە بناسیتەوە.

مریەم: تۆ کە سی ساڵ لەگەڵی بوویت بۆ نەتتوانی بیناسیتەوە ؟

باوک: چونکە ئێمە پیر بووین کچم. چاوەکانمان باش نابینن، بە بێ چاویلکەکەم ناتوانم هیچ شوێنێک ببینم.

دایک: گوێ کانیشم قورسە و دەنگەکان بە دروستی ناناسمەوە.

مریەم: ئێستا چ شتێک بەجارێك چاو و گوێیتانی کردۆتەوە؟

کاوە: ترس. ترس چاو و گوێ دەکاتەوە و مرۆڤیاتی و پەیوەندی خاو وخێزانی بیردەخاتەوە

باوک: خاتوو گیان. نابێت گرنگی بەو شتانە بدەین کە دەیڵێن. بڕۆ زوو دەرگاکە بکەرەوە تا کوڕە ئازیزەکەمان بێتە ژوورەوە

دایک: من ... من ... من ... ئەگەر دەمانچەی بە دەستەوە بێت و ...

باوک: زیانت پێ ناگەیەنێت. هەرچەندە دڵ ڕەق بێت، ئازاربە دایک و باوکی ناگەێنیت. بەڵێنت پێ دەدەم

مریەم: (بە کاوە) چۆن دەزانیت لە پشت دەرگاکەیە؟

کاوە: گوێیان لە لێدانی دەرگاکە بوو، هەروەک دوایین جار کە پێنج جار لێی دا.

مریەم: تۆش ئەوەت بیستووە؟

کاوە: گوێم لە لێدان نەبوو. بەڵام گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو کە بە شتێکەوە لە پشت دەرگاکە دەڕۆیشت.

مریەم:دەنگی؟

کاوە: دەنگی تەق وتۆق، وەک ئەوەی خەریکی قوفڵەکە بێت

مریەم: یەک دوو سەعات پێش ئێستا بە دەنگی تەق وتۆق لە خەو هەڵسام.

لە پەنجەرەوە سەیری کوچەکەم کرد. بینیم ئەو سەگە ڕەشە لەناو سەبەتەی زبڵەکەدا سەری دەسوڕاند و بەدوای ئێسکدا دەگەڕا، پاشان دەنگم دا، لەوێ دوورکەوتەوە وچووم خەوتەمەوە.

باوک: چیت وت کچکە؟

مریەم: خودا بۆخۆی شاهیدە. ئەوە سەگە ڕەشەکە بوو کە دەنگی لە سەبەتەی زبڵەکەی دەرهێنا.

دایک: سەبەتەی زبڵی کامەیە؟ کچەکە، گوێی لێ مەگرەن (بە باوک) بۆ خوم گوێم لە لێدانی دەرگاکە بوو

مەریەم: دیی باشە ئێستا دەرگاکە دەکەمەوە بۆ ئەوەی هەموو شتێک ڕوون بێتەوە.

کاوە: (مریەم ڕادەگرێت) مەریەم!

باوک: لیی گەرێی با بڕوات. با بزانین چیە باوکمانی هێناوتە پێش چاومان . با زووتر ئاسوودە بین. (سەرەتا دەنگی کردنەوەی دەرگاکە و پاشان دەنگی مەریەم کە بە تووڕەییەوە هاوار دەکات) دەبیسترێت)

دەنگی مەریەم: چەخە، چەخە، سەگی بێخاوەن. برو ون بە .سەگی پیس وپوخەڵ ناحەز . (دەنگی کەوتنی سەبەتەی زبڵ و شوێنکەوتنی و هاواری سەگێک کە دەوەڕێ ودوور دەکەوێتەوە دەبیسترێت و ئامادەبووان بە سەرسوڕمانەوە گوێی لێدەگرن.) (مریەم لە دەرگاکە دەێتە ژوورەوە، لەبەردەم دایک دەوەستێت، سەیری دەکات. کاوە هەروەها چاو لە دایکی دەکات)

دایك: ( شەرمەزاری و سەرسوڕمانە، نازانێت چی بکات) بەڵام من ... من خۆم، گوێم لێ بوو لە دەرگای دا.

باوک: بێ هیچ هۆکارێک دەترساین. هیچ شتێکیش نەبوو کە بتوانێت بیکات، ئەو زیاتر لە ئێمە دەترسا. دی باشە با بڕۆین. با جارێکی تر بخەوین. خەو کە چە بڵێم، با بچین بۆ ماوەیەک پاڵ بکەوین تا هەوا ڕووناک دەبێتەوە

(هەمووان دەجووڵێن. دایکەکە هێشتا لە شوێنی خۆی وەستاوە).

باوک: بۆ ناڕۆی؟

دایك: دڵنیام کە ئەو بوو لە دەرگای دا. وەک جاری ڕابردوو. بەم شێوەیە (بە دەستی لێدان لەسەر مێزەکە) "تەق،تەق،تەق،تەق،" (باوک بە تووڕەییەوە سەیری دەکات. مریەم و کاوەش دەگەڕێنەوە و سەیری دەکەن. دایک شەرمەزار تەسلیمی ئەوان دەبێت و بەرەو ئەوان دەڕوات، هەموو جارێکی تر دەڕون، لە ناکاو دەنگی لێدانی دەرگا دێت تەق،تەق،تەق،تەق،هەموو بە سەر سۆرمانەوە، رادەوستن و سەیری یەکتر دەکەن غەریب دێە ژوورەوە)

غەریبە: زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە وا لەم کاتە ناوەختە دا موزاحیم بوومەوە ، چەند کاتژمێرێک پێش ئێستا هەرچی لە دەرگام دا کەس لە خەو هەڵنەستا کە لێم بکاتەوە. وتم با چاوەڕێ بکەم تا لە خەو هەڵدەستن. چوومە ئەودیوی کۆڵانەکە و لە تاریکیدا دانیشتم، چاوم لە دەرگاکە بڕێ بووو کە ئێستا بینیم کراوەتەوە. پاشان دڵنیا بوومەوە کە ئێوە بە خەبر هاتوون

باوک: چۆن هاتیتە ژووەرەوە؟

غەریب: دەرگاکە کراوە بوو

مریەم: ڕاستە من لە بیرم چووم دەرگاکە دابخەم

کاوە: دی کەواتە چیت دەوێت؟

غەریب: من کاتم دیاریکرد بۆ ئەوەی سبەی بەیانی زوو ئەم شارە بەجێبهێڵم، هاتووم پێش ڕۆشتن ماڵئاواییتان لێبکەم و داوای یارمەتیکتان لێ بکەم.

باوک: ئێمە خۆمان لە کێشە و ناڕەحەتیەکانتان تێوەگل ناکەین کاکە.

کاوە: ئێمە ناتوانین هیچ یارمەتیکت بدەین کاکە.

**دایک: بە هیچ شێوەیەک تۆ ناناسین کاکە.**


**مریەم: تکایە بۆ ئەوەی پێویست نەکات بانگی پۆلیس بکەین، خۆت لێرە بروو کاکە.**

**کۆتایی**

**ئیبراهیم مەکی**

**ئیبراهیم مەکی**

**ئیبراهیم مەکی نووسەر و شانۆنامەنووس و سیناریۆنووسە و لە ساڵی ١٣٢١هەتاوی لە شاری تاران لەدایکبووە. یەکێکە لە کەسایەتییە کاریگەرەکان لە باشترکردنی شانۆنامەنووسی لەئێران و یەکەم مامۆستایە کە کتێبێک بۆ فێرکردنی شانۆنامەنووسی دەنووسێت**


انکار